# کاریگەریی هۆنراوەی منداڵان لای «زێوەر» لە پرۆسەی پەروەردەدا

**پ.ی.د. فاروق محمد نەقشبەندی**
**زانکۆی هەڵەبجە**
**کۆلێژی پەروەردەو زانستە مرۆڤایەتیەکان**
**بەشی زمانی کوردی/شارەزوور**

**پێشەکی:**
**بەشی یەکەم: شیعر و شیعریەت**
**تەوەری یەکەم: هونەرەکانی شیعر**
**تەوەری دووەم: مێژووی هۆنراوەی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا**
**بەشی دووەم: ئەدەبی مناڵان**
**تەوەری یەکەم: زێوەر و ڕابەری سرود و گۆرانی پەروەردەو فێرکردن**
**تەوەری دووەم: دەرخستنی لایەنە پەروەردەییەکان لە هۆنراوە فێرکاریەکانی زێوەردا**
**ئەنجام**
**سەرچاوەکان**
**کورتەی باسەکە**

## پێشەکی :

زێوەر هەر لە سەرەتای ژیانیەوە وەك زانایەکی ئایینی لە حوجرە فەقێیان خوێندویەتی ، هەژاری دەرگای بەسەرئەوەیشدا کردۆتەوە بە هەژاری و کوێرەوەری ژیاوە ، ئێش و ئازاری برسێتی و بێجێ وفەقێیەتی لە مزگەوتەکانی کوردستان دا کاری تێکردووە، بەڵام ئاستی رۆشنبیریەکەی وەك خێزان وبنەچەی پشدەرییەکان چاوکراوە و بەرچاوتێربووە، خەمی گەورە بە شیعرەکانیەوە دیارە تەنانەت وەك مەلایەك جۆرێك لە لادان بەئایدۆلۆژییە ئایینەوەکەوە بەئەدەبی منداڵەنەکەیی و سرودەکانی و گۆرانی بۆ خاك وگرنگی دان بە ژمارە وەك ئەدەبی منداڵان ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر مامۆستای ئایین نەبووە، بەڵکو



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بلیمەتێکی پەروەدرەیی و دەروونناسی سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوە بووە، بۆیە لە سۆزی نیشتماندا دەتوانین جۆرێی لە پرۆگرامی هەمەچەشنە ببینین کە ئەمە خوێندەواری سەردەمی سەدەی خۆی زێوەر لە پاشکۆیەتی وەلادەنێ و دەیخاتە نێو خانەی رابەرانی ئەدەبی وەسف ونیشتمان پەروەری و هۆنراوەی فێرکاری و پەروەردەی منداڵانەوە.

بەباشمان نەزانی، وەك راهاتوو،باسی ژیانی بکەین، چونکە بەبیری توێژەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی و بیروبۆچوونی دەوروبەری لەسەر ئەو گرنگترە لەمێژووی مردن و ژیان.

## بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم

## پێناسە و چەمکی شیعر و جۆرەکانی

**پێناسە و چەمکی شیعر:**

ئەگەر هەوڵبدەین پێناسەیەك بۆ شیعر بدۆزینەوە ئەوا دەبێت بە شوێن پێناسەیەکی وادا بگەرێین کە نزیك بێت لە هەموو دەربڕینی شتە نهێنیەکانی شیعر و مەرجە سەرەکییەکانی کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بنچینەیەکی سەرەکی شیعر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە زانایان هەوڵی دۆزینەوەی پێناسەیەکی گونجاویان داوەبۆ شیعر بۆ نموونە (سوکرات و ئەفلاتون)[1]

کە دوو فەلەسوفی یۆنانی بوون دەڵێن (هونەر بریتییە لە لاسایکردنەوەی سرووشت و بەهۆی ئەوەی کە شیعریش یەکێکە لە بەشەکانی هونەرواتا شیعریش لاسای کردنەوەی سرووشتە[1]. هەروەها شارك باتۆ کە ڕخنەگرێکی ئینگلیزییە دەڵێت (شیعر لاسایی کردنەوەی سروشتی جوانە(٢)).

واتا شیعر لاسایی کردنەوەی شتەکانی ڕۆژانە نییە بەڵکو لاسای کردنەوەی سرووشتی جوانی گەردوونە کە دروستکراوی مرۆڤ نیین یەکێکی تر لەو کەسانەی کە پێناسەی شیعر دەکات(هۆراس) ە لەکتێبی (هونەری شیعردا) و دەڵێت (شیعر وێنە کێشانە)(٣).

واتا شاعیر وێنەی ئەو شاعیر ئەو شتانە دەکێشێت کە لە دەورو بەری مرۆڤداهەن و دەیانکاتە کەرەستەی شیعرەکانی .

هەروەها (سیمۆند) یش دەڵێت (وێنە کێشان شیعرێکی بێدەنگە شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە)(٤)

واتا مەبەستی ئەوەیە لە وێنەیەکدا شیعرێك هەیە بەڵام بێدەنگە بە پێچەوانەشەوەلە شیعردا کۆمەڵێك وێنە هەیە کە دەنگیان هەیە لەڕێگەی شیعرەوە دەر دەبڕێت خەڵکی دنگی ئەو وێنانە دەبیستن کە لە شیعرەکەدایە.

---

[1] - د.شوکریەڕە سوڵ:ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، چاپخانەی فێرکردنی باڵا ، هەولێر ١٩٨٩ ، لا ١٦

[2] - د.شوکریە ڕەسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئە دەب ، لا ٢٢

[3] - سەرچاوەی پێشوو لا ١٩

[4] - سەرچاوەی پێشوو لا ١٩



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها (هۆراس) لە کتێبەکەیداکە ناوی (هونەری شیعر) ەڕای وایە کە (مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینەیان چێژپێگەیاندنە یالەیەك کاتدا ئارەزوو بزواندن ولیکدانەوەی پەندەکانی ژیان).(٥)

بەڕای من ئەبێ لە شیعردا ئەم مەبەستانە هەبێت کە هۆراس لە کتێبەکەیدا وتوویەتی شیعر چێژ پێگەیاندنە یان سوود بەخشینە بۆ خوێنەر ئەگەر لە یەك کاتدا هەبیت ئەوا شیعرێکی زۆر پڕمانا دەردەچێت .

هەروەها ئەرستۆش ڕای وایە کە (شیعر فەلسەفی ترەو جوانکاری زیاتر تیایە و لەمێژوو بەرزترە)(٦) ئەم بۆ چوونەی ئەرستۆ شتێکی زۆر ڕاستە چونکە شاعیر ئەوە دەگێڕێتەوە کە ڕەنگە ڕوبدات، بەڵام مێژوو نووس ئەوە دەگێڕێتەوەکە ڕەنگە ڕوویداوە .

د.شوکریە ڕەسوڵ لە کتێبەکەیدائاماژەی بە پێناسەی شیعر کردووە لە لای ڕۆمانسییەکان یەکێ لەوانە (شیلی) یە (١٧٩٢ – ١٨٢٢) کە لە کتێبەکەیدا(بەرگریکردن لە هۆنراوە)

دە ڵێت ((شیعر وێنەیەکی زیندووە وشەدارە وێنەی ژیان بە هەموو شیعر و جوانییەکەوە ئەگرێ هەروەها دەربڕینێکی پوخت و ڕاست و ڕەهایەبنکەی زانیاری و ئاوێنەیژاپانی تەواوی مرۆڤایەتییە))(٧)

واتا شیعر وێنەی ڕاستەقینەی ژیان یاخود دیاردەکانی ژیان ئەگرێ بە هەموو ئەو جوانییەی کە تێیدایەتی، وە ئەتوانرێ زانیاری لە ڕێگەیەوە پێشکەش بکرێ وەك ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵ بێت .

لە پێناسەی شیعردا (ڕیتشارد هێد) دەڵێت: ((شیعر هونەرێکە مە بەستی ئەنجامدانی گەورەترین چێژ بەخشینە بە گوێگر))(٨).

من ڕام وایە کە شیعر لە پاڵ چێژبەخشیندا دەبێ سودێك بگەیەنێت نەك هەموو شیعرەکانی تەنها چێژ بگەیەنن، ئیترسوود وەرگرتن لە ڕێی شیعرەوە فەرامۆش بکەن چوونکە گەیاندنی زانیاری لە ڕێی شیعرەوە کارێکی زۆر گرنگە.

هەروەها (أبو بکر هەوری) لە پێناسەی شیعردا دەڵێت ((هونەرێکە سەربەخۆ و سەرحەد و سنور کێشراوە ڕێباز و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە))(٩) واتە شیعر وەك هونەرێك سەربەخۆیە لە هەمان کاتیشدا سنورێکی بۆ دانراوە ناکرێ سنوور تێپەڕ بکات شێوازی میتۆدو مەرجی تایبەت بە خۆ بەکاردەهێنێت . چەمکی شیعر لە سەرەتادا ڕووی کردە دوو ڕێچکە یەکەمیان ڕێچکەی یۆنانی و ڕۆمانییە، دووەمیان ڕەخنەیعرەبی دێرینە کە ئەمە (د.ڵشاد عەلی) باسی لێوە کردووە و یەکێ لەو زاراوە گرنگانەی کە ڕخنەی یۆنانی چەمکی شیعرپێ دیاری کردووە زاراوەی (لاسایی کردنەوە)(١٠). هەروەها د.دڵشاد عەلی لە کتێبەکەیدا دەڵێت (چەمکی شیعر بە پێی تیۆری لاسایی کردنەوەی لای (ئەرستۆ) و لە بەرهەمی ڕەخنوگرانی ئەدەبی لاتینیشدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی

---

[5] - هۆراس : هونەری شیعر، حەمید عزیز کردویەتی بە کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩، لا ٧

[6] - د.شوکریە ڕەسوڵ : ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩.

[7] - سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤

[8] - سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢

[9] - ئەبوبەکر هەوری : شیعری کۆن و نوێ ، سلێمانی ، ١٩٧٣ ز ، لا ٦

[10] - د.دڵشاد عەلی : بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، سلێمانی ، چاپخانەی ڕەنج ١٩٩٨ ز ، لا ٧



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(هۆراس) لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) و لەلای (لۆنجینۆس) لە کتیبەکەیدا کە (بەرزی ڕەوانبێژی) یە(١١) .
د.دڵشاد عەلی باسی لەوەش کردووە کە (چەمکی شیعر لە ژێر دەسەڵاتی زاراوەی(لاساریی کردنەوە) دا مایەوەتا ڕێبازی ڕۆمانسی شیعر بریتی بوو لە دەربڕین لە هەست و سۆزی کەسی و ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەوەی شاعیر وە (نۆڤالیس) دەڵێت : تا شاعیر کەسی بێت و ڕەنگ و بۆی ناوچەیی و خودی بگرێتە حۆی ئەوا زیاترلە ناخی شیعر نزیك دەبێتەوە)(١٢) ڕێچکەی شیعر کە ڕخنەی عەرەبی و ئیسلامییە یەکێ لەو کەسانەی کە پێناسەی شیعری کردووە (قدامە بنجعفر) (٣٣٧ ك) دەڵێت ((شیعر ئاخاوتنێکی کێش و قافیە دارە و واتایەك دەبەخشێت))(١٣) هەروەهابن فارس لە بارەی شیعرەوە دەڵێت ((شیعر قسەیەکە کێش و سەروای هەیە و پڕمانایەو، زیاترە لە دێڕك))(١٤)
واتا ئاخاوتنەکانی مرۆڤ ئەگەر بێ کێش و سەروا بوون ئەوا پێی ناوترێ (شیعر) بەڵکو بەو ئاخاوتنانەی مرۆڤ دەوترێشیعر کە کێش و سەروای هەبێت.

جۆرەکانی شیعر :

جۆرەکانی شیعر یان شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر هەر لە کۆنەوە چەند جۆرێکی بۆ دیاری کراوە کەبریتین لەمانە:-
لیتیکی (گۆرانی)، ئیپکی (داستانی)، درامی (شانۆیی)،دیداکتیکی (فێرکاری)(١٥) کە هەر یەکە لەمانە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە یەکتر جیاوازن ، وەبنیاتی تایبەت بە خۆیان هەیە ، هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە(Lyric) لە وشەی یۆنانی(Lyra)وە هاتووەEpic) (ئیپیك لە وشتەی یۆنانی (Epos)(وەبە واتای(وشە ، ئەوەی وتراوە ، یان دەگێڕدرێتەوە)، )(Drama)دراماش هەر یۆنانیەو لە)) Draoوە بە واتای (پێشکەشکردن ، هەڵدەسوڕێم ، کاردەکەم) ئەم زاراوانە کەم تا زۆر دیار و ڕوونن(١٦) . جۆرەکانی شیعر هەرچەندە لە ئەدەبی میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازیان هەیە و تەنانەت لە خودی ئەدەبی هەر میللەتێکیشدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر کەم و زیادی تێدەکەوێت .

---

[١١]- سەرچاوەکانی پێشوو لا ٨

[١٢]- سەرچاوەکانی پێشوو لا ١١

[١٣]- جلال الد ین عبدالرحمان السیوطي ، الد خل في علوم اللغة و انواعها الناشر دارلکتب العلمیة ، بیروت ، الصفحة الاولي : ١٩٩٨ ، لا ٣٩٨

[١٤]- جلال الد ین عبدالرحمان السیوطي ، الد خل في علوماللغة و انواعها الناشر دارلکتب العلمیة ، بیروت ، الصفحة الاولي : ١٩٩٨ ، لا ٣٩٨.

[١٥]- سەرچاوەکانی پێشوو لا ٩

[١٦] - سەرچاوەکانی پێشوو لا ١١


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١-شیعری لیریکی (گۆرانی ، ویژدانی)

ئەتوانین بڵێین ئەگەر جیهانە هونەرییە دروستکراوەکەی شاعیر لەناخەوە هەڵقەڵا بێت و تەنیا لەنێو سۆز و هەستەکانییدا ڕەنگ بداتەوە ئەوا لە ڕووی هونەری شیعرەوە بە شیعری لیریکی دائەنرێت.

د. شوکریە ڕسوڵ لە کتێبەکەیدا دەڵێت (ئەو شیعرەیە کە لە ناخ و دڵ و دەروونی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ، لەباسی ئازایەتی و ترس، شەڕ و خێر، خۆشی و ناخۆشی دەخولێتەوە هەڵبەتە کە شاعیر لەناخییەوە وشە دەردێنێ و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاسای وێنەی شاعیر لەو دیوی دەربڕینەکەدا بەدی دەکرێ)(١٧) یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی ئەوەیە

(کە ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەیەکی کەسی دەردەبڕێهەر ئەوەش لەجۆرەکانی تری جیادەکاتەوە، چونکە جۆرەکانی زیاتر بابەتین و ڕاستەوخۆ باس موناعاتی شاعیر ناکات)(١٨)

لە شیعری لیریکیداهەست بە خوودی کێشەی شاعیر دەکرێ لەشیعرەکانیدا وشەکانی شیعرەکە کە لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵان و شاعیر ڕاستەوخۆ بەو تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕ دەبێ .

یەکێکی تر لەتایبەتمەنیەکانی ترە ئەم جۆرە شیعر ئەوەیە کە (خوێنەر پەیوەندیەکی گیانی بەهێزی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاعیر پەیدا دەکات)(١٩) ،د. شوکریە ڕەسوڵ دوو خاسیەتی ئەم جۆرە شیعرەی دیاری کردووە کە ئەمانەن ١-ئاوازە

٢- سۆزۆزێکی بەهێز(٢٠)

واتا لەم جۆرە شیعرەدا ئاوازێك بەدی دەکرێت و سۆزێکی زۆر بەهێز دەبینرێت چونکە وشەکانی شیعرەکەلە ئاخ و دڵ و دەروونی شاعیرەوە هەڵقووڵاوە و هەست و سۆزی شاعیر هەمووی لە شیعرەکەدا پەنگی خواردۆتەوە و شاعیر بیرکردنەوە و لێرمانی خۆی لە ڕێگەی ووشەوە دەردەبڕێت کە دەربڕی ناخ و جیهانی ناوەوەی شاعیرە.

٢-شیعری ئیپیکی (داستانی ، مەلحەمی)

ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە هەڵقولاوی میللەتێك کە شاعیر ڕێکی دەخات.

د. شوکریە ڕەسوڵ باسی ئەم شیعرەی کردووە و دەڵێت (شیعرێکی چیرۆك ئامێزە)(٢١) هەروەها د. دڵشاد وتویەتی (ئەم پشت بە شێوازی گێڕانەوە دەبەستێت و تیایدا وەسف و کەس و گفتوگۆ و پەند و ئامۆژگارییەکانی تێکەڵ بەیەك دەبن و لە ژێر ڕوخسارێکی سەرگووزەشتەی یەکگرتووی ڕووندا دەگێڕدرێتەوە)(٢٢)، کەواتە لەم دوو پێناسەیەوە بۆماندەردەکەوێت کە ئەم جۆرە شیعرەیە وەکو چیرۆك بە

---

[١٧] - پیتەر هڵبرگ: تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ لا ٣٦

[١٨] - سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٦

[١٩] - د.شوکریە ڕسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، لا ٨٧

[٢٠] - د.شوکریە ڕسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، لا ٨٧

[٢١] - د.دڵشاد علی : بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ،لا ٢٢

[٢٢] - د. دڵشاد علی: بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لا ١٩


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گێڕانەوە پێشکەش دەکرێت لە ناوییدا وەسف کردن و کەسەکان و گفتووگۆکانیان و زانیاری و ئامۆژگاری تێکەڵ دەبن و بەشێوازی چیرۆکی دەگێڕدرێتەوە.

بەناوبانگترین داستانەکان کە د. دڵشاد لە کتێبەکەیدا ناوی هێناوە (داستانی ئەلیازە و ئۆدیسای ئیغریقی و ئەنیازەیلاتینی و سروودیرۆلانی فەڕنسی و ڕامایانە و مهاباتی هندی و شانامەی فارسی)(٢٣) یە، هەروەها کۆنترین داستانیش داستانی (گلگامێش)(٢٤) ە، ئەتوانین بڵێین لە داستانە کۆنەکاندا ڕووداوەکان بە بە قەبارەیەکی گەورەتر و سەرو هێزی سرووشتی نیشاندراون کەسەروو ڕادەی هۆشی مرۆڤن، (لەئیپیکی دا هەست بە بوونی شاعیر ناکرێت و ڕووداوێك باش دەکات کە پەیوەندی بەخۆیەوە نەبێت هەمیش لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکان و نوسینەوەیاندا ماوەیەك هەیە)(٢٥) هەموو میللەتێك ئەم جۆرە شیعرەی هەیە کە مۆرکی ئەم میللەتەی پێوە لکاوە شەقلی تایبەتی و ئاوێنەی ژیانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە ، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم جۆرە شیعرە کە لە کتێبی (تیۆری ئەدەب و شێواز ناسی)دا باس کراوە (داستانە وەسیە،دەسی سروشت و دەوروبەرە، وەسی ڕواڵەتی دەرەوەی پاڵەوان و دەربڕی هەست و نەستی ناخێتی)(٢٦).

٣-شیعری درامی (شانۆیی):-

شیعری درامی (ئەو شیعرەیە کە لەسەر دەقیشانۆ دەنوێنرێت)(٢٧)

د.شوکریە دەڵێت: (دراما وشەیەکی یۆنانیە بەواتای کار و جوڵە دێت)(٢٨). بەم شێوەیە پێناسەی دەکات (ئەو شیعرەیە کە بەشێوەی گفتوگۆ دەنوسرێ و لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت)(٢٩)

شانۆ لەبنەڕتدا بەهۆی هونەرێکی ئاینی یە سەری هەڵداو یۆنانیەکان شیعریان وەك ئامێرێك بەکارهێناوە بۆ دەر بڕین سەرەتا شانۆ بەشێك بووە لەمە ڕاسیمو بۆنە ئاینیەکانی یۆنانیەکان بەڵام دواتر پێشکەوتوو بووە پاککردنەوەی دەروون بەهۆیسۆزەوە(٣٠) . هونەری شانۆ چەندین تایبەتمەندی هەیە وەك (لە دراماد ا ڕووداوەکان بە کردار نیشا دەدرێت و بینەر تێکەڵ بە ڕووداوەکان دەبێت و دەیان خاتە جوڵە، یەکێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی ئەوەیە کە کۆمەڵێك کەسایەتی (ئەکتەر) بەشداری دەکەن تیایدا کە بەهۆی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێ جیاشی دەکاتەوە لە داستان،تایبەتمەندیەکی تری ئەوەیە کەهەموو دیمەن ساتێکی دراما توندوتۆڵ

[٢٣]- د. شوکریە ڕەسوڵ:ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، لا ٨٨

[٢٤]- پیتەر هاڵبریگ: تیۆری ئەدەب و شێواز ناسی، ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ، ٢٠١٠ ،لا ٤٠.

[٢٥]- سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٨

[٢٦]- پیتەر هاڵبریگ: تیۆری ئەدەب و شێواز ناسی، ئەنوەر قادر محمد، لا ٤٩

[٢٧]- ئەحمد قەرەنی: شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ، لا ٨٧

[٢٨]- د. شوکریە ڕەسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، لا ٩١

[٢٩]- سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩١

[٣٠]- سەرچاوەکانی پێشوو ، لا ٩٢


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەستراون بەیەکەوە و تێکدەڕژ ێن ماوەی دراما نەکورت دەکرێتەوە نەدرێژ، لە درامادا ڕووداوەکان هی کاتی ئێستان وەك ئەوە وایە ڕووداوە ڕاستەقینەکە لەبەر چاوی بینەر ڕوودەدات واتە ڕابردوو دەکات بە ئێستا، گرژی و ئالۆزی یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی هەموو جۆرەکانی دراما)(٣١).

د.دڵشاد دەڵێت : (دیمەن ڕووداوەکانی دراما بە چاودەبینرێت و کەسەکانیش بەبەر چاومانەوە دێنو دەچن لەکاتی هەڵسوکەوت و قسەکردندا دەیان بینن و ئەو ڕووداوانەشکە لەشانۆدا پێشکەش دەکری لە ژیانی مرۆڤایەتیەوە دەهێنرێت)(٣٢)

یۆنانیەکان شیعری شانۆییان کردبوو بە دوو بەشەوە:

(١- تراژ دیا: ئەو جۆرە شیعرەیە کەباسی ناخۆشی و کارەسات دەکات و گاریگەری لەسەر جەماوەر دەکات و بەناخۆشی کۆتای دێتەوەك ئەلیازە و ئۆدیسا، مەم و زین، ٢- کۆمیدیا: ئەو جۆرەشیعرەیە کە زیاتر بۆ ڕەخنەگرتنی باری کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت بەنیازی چارەسەرکردن لەم جۆرە درامادا قسەکردنی پاڵەوانەکان نزیکە لە قسەی خەڵکی ناو بازاڕەوە)(٣٣)، ئەرستۆلە کتێبی (هونەری شیعر) دا سێ یەکێتی بۆ شانۆ دیاریکردووە (١- یەکێتی بابەت ٢- یەکێتی کات ٣- یەکێتی شوێن)(٣٤) د.شوکریە دەربارەی نوسینی شیعری درامی لە ئەدەبیکوردیدا دەڵێت: (ئەتوانین پیرەمێردی شاعیر بە سەرەتای ئەم بابەتە دابنێین، پاشان گۆرانی شاعیر بە شێوەیەکی بەرزی هونەری گرنگی پێداوە و شوێنێکی دیاری لە شیعری درامی دا داگیرکردووە کە لە بەرهەمەکانی(گوڵی خوێناوی، ئەنجامی باران ، ئاهەنگی ناوڕان) دا ڕنگی پێداوەتەوە)(٣٥)

٤. شیعری فێرکردن:

ئەمەش چوارەم جۆری شیعرە کە مەبەستی سەرەکی ئەم باسەی ئێمەیە کەڕوونی بکەینەوە و لێی بدوێین، کەلە تەوەرەی دووەمی ئەم بەشەدا باسی دەکەین .

## تەوەرەی دووەم

## شیعری فێرکردن چییە؟

سەرەتای شیعری فێرکردن وەکو زاراوە لە دوو وشە پێکهاتووە (کە ڕاستەوخۆ وەرگرتنی زاراوە ئینگلیزی (Didactic poetry( یان زاراوەیفەرەنسیەکەی didactigue Doesie((یا کە ئەوانیش لە وشەی گریکی) Didaktikois)یان وەرگرتووە کە بە مانای فێرکردن یان گواستنەوەی زانیاریەکان دێت)(٣٦)

[31] - پیتەر هاڵبرگ: تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، ئەنوەر قادر محمد ، لا (٥٠-٥٢)

[32] - د. دڵشادعلی: بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، لا ٢٠

[33] - د.شوکریە ڕسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، لا ٩١

[34] - سەرچاوەکانی پێشوو ، لا ٩٢

[35] - سەرچاوەکانی پێشوو ، لا ٩٥-٩٦

[36] - ئەحمەد قەرەنی: شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر ،لا ٢١



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی لەکۆندا کەمترین ڕێگا هەبووە بۆ گەیاندنی زانیاری بە خوێنەر بۆیە هەوڵیان داوە ڕێگایەك بدۆزنەوە تا بەئاسانترین شێوە و شێوازی هونەری و زانیاری و بابەتە فێرکارییەکان جا زانیاری ئاینی و یان ڕەوشتی یان کوشتوکاڵ یان مێژووی یان پەروەردەی و ... بوو بێت بگەیەنن بەخەڵکی تاکو فێری شت ببن ئەم ڕێگایەش بریتی بوو لە شیعر وتوانیان لەم ڕێگایەوە زانیارییەکان بگوازنەوە بۆ خەڵکی .

لە ڕووی زاراوەسازی پێوانەییەوە (شیعر: زاراوەیەکی ئەدەبییە گوزارشت لە هونەرێك دەکات کە دەربڕینێکی ستاتیکی هەڵچونەکانی ئینسانە و فێرکردن: زاراوەیەکی سایکۆلۆژییە و گوزارشت لە ڕەنجکێشانی کەسانێك دەکات وکە لە کرداری فێرکردندا یارمەتی کەسانی تر دەدات)(٣٧) لەو کاتەی کە بوارەکانی ڕۆشنبیری، ئەدەبی، بوژاندنەوەی بەخۆیەوە ببینێت، شیعری فێرکردنیش گەشە دەکات،هەرچەندە کاری ئەدەبی و زانستیەکان جیاوازیانهەیە، بەڵام لە شیعری فێرکردندا یەکتری دەگرنەوە، چونکە شیعری فێرکردن هەردوو ئەرکی ئەدەبی و زانستی دەبینێت.

هەروەها چەمکی شیعری فێرکردن یەکێکە لە چوار هونەرە سەرەکییەکان کە لەگەڵ (داستانی ،لیرکی، درامی)دا پەیکەر بەندی شیعر پێکدەهێنن و شیعری فێرکردنتەنها دەلالەتێکی هزریدەدات و بایەتیانە دەردەبڕدرێت و لایەنی خودی بەتەواوەتی پشت گوێ دەخات وئەرکی شیعر لە کاردانەوەیەکی هەڵچونییەوە بەرەو ئاقارێکی پەروەردەی دەبات، کەمەبەستە سەرەکییەکەی فێرکردنە)(٣٨) لەڕووی هونەری شیعر نوسینەوە جیاوازی لە نێوانشیعری فێرکردن و جۆرەکانی تر ئەوەیە کە (تەنها لەڕووی ئەو بابەتەوەیە کە لە دەوروبەریدا ئەسوڕێتەوە

واتا ئەم بابەتەی کە شیعری فێرکردن لە دەوری ئەسوڕێتەوە لە سۆز و خەیاڵوە دورە، بەڵام جۆرەکانی تر لە سۆز و خەیاڵەوە نزیکە.(٣٩)

زۆرێك لە سەرچاوەکان هەوڵی دانانی پێناسەیان داوە بۆ ئەم جۆرە شیعرە یەکێك لەوانە: د. شوکریە ڕەسوڵە کە دەڵێت: (ئەو شیعرەیە کە سود بە خوێنەر یان بەگوێگر دەگەیەنێت،لەهەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا، لە ڕێگەی دەربڕینی ڕایەك یان پەندێك یان ڕاسپاردەیەك یان ئامۆژگارییەك لە چەند دێرێکی ئاشکرا و دیاریکراودا بەزوترین کات لەبەر ئەکرێت و ئەوترێتەوە)(٤٠)، یان د. فازڵ مەجید دەربارەی شیعری فێرکردن دەڵێت: (پێناسەکراوە بەو شیعرەی بەمەبەستی فێرکردنی ڕاستیەکان و ئامۆژگاری و پەروەردە دەنوسرێت، جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی تری شیعردا ئەوەیە کە ئەم سۆز و ئەندێشەی تیانییە)(٤١)، یانیش لەکتێبی (ئەدەبی منداڵانی کورد)دا پێناسەکراوە کە (ئەو جۆرە شیعرەیە کە بۆ فێرکردنی شتێکبەکارهاتووە نەك بۆ هەست

---

[٣٧]- سەرچاوەکانی پێشوو ،لا ٢٢

[٣٨]- سەرچاوەکانی پێشوو ، لا ٢٤

[٣٩]- د. شوکریە ڕسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، لا ١٠٦

[٤٠]- د. شوکریە ڕسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب . لا ١٠٦

[٤١]- د. فازیل مەجید مەحمود: شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، لا ٩٠-٩١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بزوانـدن و تـاودانی ویـژدان)(٤٢) واتائەگـەر ویسـتبێتیان زانیارییـەك بگەیـەنن لـەم ڕێگەیـەوە گەیاندویانـە و مەبەستیان گەیاندنی زانیارییەکە بووە نەك بەخشینی هەست و سۆز بە گوێگر یـان خوێنـەر . پێگـەی شـیعری فێرکـردن لـە ئـەدەبی گەلانـدا لـەناو ئـەدەبی هەنـدێك گـەلانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا دەرکـەوت و (هیزیـۆد بەدامەزراندنیڕێچکەی شیعری فێرکردن دادەنرێ و ئەم ڕێچکە هونەرییە دروست بکات)(٤٣).

ئەم جۆرە شیعرەش لەئەدەبی یۆنانیدا دەرکەوت کە هیزیـۆد دوو بەرهـەمی لـەم بـوارەدا نوسـیوە (کارەکـان و ڕۆژەکان ، ڕەچەڵکی خواوەندەکان)(٤٤) کە مەبەستی سەرەکی گەیاندنی زانیارییەکان بووە ، لە ئەدەبی ڕۆمانی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و هیندی و فارسی و تورکی و عەرەبیدا دەرکەوتووە، بەڵام ئیمە لێرەدا تەنها باسی شیعری فێرکردنبە کورتی لە ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا دەکـەین بـەهۆی نزیکیانـەوە لـە ئـەدەبی کوردی.مێژوونوسـانی ئەدەب و ڕەخنەگرانی عەرەب ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان نیە بـۆ چۆنیەتیپەیدابوونی هەنـەری شـیعری فێرکـردن لەم بارەوە سێ بۆ چونی جیاوازیان هەیە کە بۆ سەردەمی جیاجیا دەگەڕێتەوە.

١-(لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە عەرەب ئەم هونەرە شیعرەی زانیوە و داهێنانی لە چەندین لایەنیـدا کـردووە وەکو ئەو شیعرانەی لەبارەی تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانـەوە هۆنیوەتـەوە، لەوانـە (ئومەیـە بـن لـەلت و عودەی کوڕی زەید....) هەروەها زوهێر بن ئەبی سەلما لەبارەی ڕەوشتەوە شیعری زۆری داناوە)(٤٥).

٢-(لـە سـەردەمی دەوڵـەتی ئەمەویـدا، لایـەن گرانـی ئـەم بـۆ چـوونە لـەو بـاوەڕەدان کـە شـیعر فێرکـردن هونەرێکیعەرەبی ڕە سەنە و لە کۆتـایی دەوڵـەتی ئەمەویـدا پـەرەی سـەندووە و بـە ئـەرجووزەی نـاو دەبـەن و بەناوبانگترین داهێنەرەکانیڕوتبە و عەجاج بوون)(٤٦)..

٣-(لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا، کە لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیریهیندستانەوە لـە ڕێگـەی ئـەدەبی فارسـیەوە هاتووەتە نێو ئەدەبی عەرەبی، بەڵام هەندێك ڕایان وایا کە ئەم کاریگەرییە بۆ ڕۆشنبیری یۆنـانی دەگەڕێتـەوە). لەگەڵ ئەوەشـدا بـۆ چـونێکی تـر هەیـە دەڵێـت: (کـە ئـەبان بـن عەبدولحەمیـد ئـەللاحیقی دامەزرێنـەری ئـەم هونەرەیە)(٤٧).

[42]- حەمە کەریم هەورامی: ئەدەبی منداڵانی کورد ، بەرگی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠٥ ،لا ١٥٨

[43]- ئەحمد قەرەنی: شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر ، لا ٢١

[44]- سەرچاوەی پێشوو،لا ٣٨

[45]- احمد محمد مام عوسمان: شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی صەلاحەدین، ٢٠٠٢، لا ٤٠

[46]- هەمان سەرچاوە ، لا ٤١

[47]- د.طه حسین :حدیث الاربعاء ، مطالب دار المعارف بمصر القاهرة ، ١٩٧٤ ، لا ٢٢


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی دووەم: ئەدەبی منالان

### تەوەری یەکەم: زێوەر و ڕابەری سرود و گۆرانی پەروەردەو فێرکردن

### مێژووی شیعری فێرکاری منداڵان:

دەستپێکی شیعری فێرکاری لەلای فارسەکان دەگەڕێتەوە بۆ(ئافەرین نامەی)ی (ابوشکور بلخی) لە قەرنی چوارەم، وە (کلیله ودمنه)ی ڕودکی سمر قەندیل کە لەساڵی (٣٢٩) ی قصری مردووە، کە چەندین بەیتێکی ئەم شیعرانە بەم شیعرانە بە پەرشوبلاوی ماونەتەوە(٤٨)، ئەمانەش لەسەرەتاترین نمونەکانی شیعری فێرکارین لە زمانی فارسیدا. هەروەها کەسایی مروزی (٣٤١-٣٩١) چەندین هۆنراوەی کورتی پایە بەرزی لە بارەی شیعری فێرکردنەوە هەیە .

ئەمە جگە لەو شیعرە فێرکاریانەی کە لە بارەی چاکە و خێرەوە دەنوسران کە نمونەیان زۆرە لەلایە شاعیرانی فارس وەکو (بوستان)ی سەعدی (١١٩٣- ١٢٩٢) و(حەدیقە)ی سناتی (١١٥٤)ك و(مخزنالا سراری)ی (١١٤٢- ١٢٠٣)و (جام جم)ی أحمدی ..(٤٩)، کە هەموویان بە شیعری فێرکاری دادەنرێت،هەروەها چەند شاعێرێکی دیکەش ئەم جۆرە شیعرەیان بە شێوەی هۆنراوەی کوتی پڕ پەند و حیکمەت هۆنیوەتەوە،وەکو(عورفی شیرازی،ئەزیری نیشاپوری وشەوکەت بوخارائی و زەهوری و .....)(٥٠). ئەوەی زیاتر لە هەموویان ئەم جۆرە شیعرە لەنێو دیوانەکانیدا دەبینرێت(سائیب تەبریزی) یە کە وەکو قوتابخانەیەکی شیعری بەدی دەکرێت کە بنەما و پرەنسیپە گشتیەکانی بۆ دانابوو،لەگشت بابەتە فێرکارییەکان بەرهەمی هەبووە.لە ئەدەبی کوردیدا شیعری فێرکردن زۆر درەنگ پێناسەکراوە، هەرچەندە پێشتر چەندین دەقی شیعری هەبووە کەخەسلەت و سیماکانی شیعری فێرکردنیان پێوە دیارە،بەلام ناولێنان و شیکردنەوەیان بەم شێوەیەی ئێستانەبووە،هۆکاری سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ(دواکەوتویی کۆمەلگا لەڕووی ڕۆشنبیریەوە نەبوونی کتێب و چاپ و چاپەمەنی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کەمی کەسانی شارەزاو لێهاتوو لەم بوارەدا،هەروەها لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیەوە کوردستان لەو پەڕی لاوازیدا بووە و بەدەست سێکوچکەی(هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواریەوە) دەینالاند و پێویستی بە هۆشیارکردنەوەیەکی نەتەوەی هەبوو کە پشت بە بنەما زانستیەکان ببەستێ، وە زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە شیعرەیان نوسیوە مامۆستای ئاینی یان مامۆستای قوتابخانە بوون و شارەزای تەواویان هەبووە لەم بوارەدا، ئەمەش ئەو بوارەی بۆ شیعری فێرکردن ڕەخساند کە بێتە ناو ئەدەبەوە و ئەگەر پەیدابوون و لە ناوچوونی ژانرەکان پەیوەست بکەین بە پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە ئەوا شیعری فێرکردن لە ژانرە هەرە پێشەنگەکانی ئەدەبی کوردی دەمێردێت و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شاعیران ڕۆڵیانتێداگێڕاوە(٥١)

---

[٤٨] - سایتی الکتۆنی (منبع تنظیم : بخش ادبیات تبیان)Khorasan news.com

[٤٩] - د. نصرالله امامی: کشایی مزروزی و شیر و زندگی او ، تهران ، ١٣٧٤ ، لا ٢٤

[٥٠] - ڕودکی و منو چهری، اسماعیل حاکمی ، لا ١٠

[٥١] - احمدی محمد مام عوسمان، شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا . زانکۆی صەلاحەدین، ٢٠٠٢، لا ٣٧-٣٨



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

د.کامیل حسن بەصیر کە بەهۆنراوەی زانیاری ناوی دەبات و دواتر لەبارەی هۆنراوەی زانیاری لە ئەدەبی کوریدا دەڵێت(هۆنراوەی زانیاری لە بەهەشتی ویژەی کوردیدا درەختێکی سەوز و ڕاستەقینە،چونکا لەمێژەوە لەژیانی نەتەوەیی کوردا ڕەنگی داکوتاوە)(٥٢) هەروەها نوسەرە کوردەکانی دوای ئەویش هەمانڕێچکە دەگرنەبەر و لەنیوەی ئەدەبی منداڵاندا باس لە شیعری فێرکردن دەکەن و بابەتە زیاتر جێگیر دەکەن و نمونەی زیاتریشدەست نیشان

دەکەن لەوانە (د.فاچیل مەجید مەحمود) لایەنی پەروەردەیی لە شیعری فێرکردندا شی دەکاتەوە و لەپەراوێزێکیشدا ئاماژە بەوە دەکات کە شیعری فێرکردن مەرج نییە تەنها بۆ منداڵ بێت هەندێ جار بۆ گەورەش دەنوسرێت وەك (الفیە ابن مالك)(٥٣). ئەگەر بمانەویت باسی سەرەتای دەست پێکردنی نوسینی کوردی بکەین بۆ منداڵ دەبێ بگەرێینەوە (٣٠٠) ساڵێك لەمەو بەر کە احمدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٦) فەرهەنگێکی تایبەتمەندی بۆ منداڵان داناوە، ئەویش فەرهەنگی (نەوبەهارا بچووکان)ە ئەم فەرهەنگە(عەرەبی-کوردی) یە و بەشیعر بەزاراوەی کرمانجی ژوورو نوسراوە. خانی لە سەرەتایی فەرهەنگەکەدا مەبەستی دانانی فەرهەنگەکەی ڕوون کردۆتەوە، کە منداڵی کورد پێی فێری زمانی عەرەبی ببێت(٥٤) هەروەکو دەڵێت

ژ پاش حەمدە صەلەواتان

ئەڤ چەند کەلیمەتە ژ لوغاتان

ڤێك ئێخستن احمدی خانی

ناڤی نەوبەهارا بچووکان لێ دانی(٥٥)

دوای تیپەڕینی نزیکەی (١٠٠) ساڵ بەسەر دانانی ئەم فەرهەنگە، لە شاری جەزیرەی باکوری کوردستان،ئەم جارەیان شێخ مارف نۆدێی (١٧٥٢ -١٨٣٧)ز لە شاری سلێمانی دووەمین فەرهەنگی تایبەت بە منداڵان نوسی کە ئەویش فەرهەنگێکی(عەرەبی-کوردی)یە بەڵام بەشێوازی کرمانجی خواروو(٥٦)، کە فەرهەنگەکەی بەناوی (احمدی)یەوە داناوە بەشیعر مەبەستییش لە دانانی ئەم فەرهەنگە ئەوە بوو کە(احمد)ی کوڕی و منداڵەکانی هاو تەمەنی فێری زمانی عەرەبی بکا(٥٧)، لە حوجرەکاندا دەخوێنرا هەروەك لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:

در این ڕسالە بە کردی زبان

کنم زبان عربرا بیان

تاکە مرزندم احمد بی تعب

[52] - پ.کامل حسن بصیر، ویژەی کوردی و ڕەخنەسازی ، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد، لا ٢٤

[53] - د. فازیل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، لا ٩.

[54] - حەمە سالح فەرهادی، نوسەری موێ ، حوزەیران ، ٢٠١٠، ژمارە ٥١، لا ٥

[55] - شێخ مارف نۆدێی، نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی، مطبعة الثقافة و الشباب ، اربیل ، ١٩٨٥، لا ٥

[56] - حەمە سالح فەرهادی، لا ٥

[57] - محسن طاهر بەرزنجی، بەیان ،ساڵی ٢٠٠١، ژ:١٨٩، لا ٩



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شود دانای لغات عرب٦(٥٨)

لەم پارچە شیعرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شێخ مارف فەرهەنگەکەی بۆ کوڕەکەی داناوە، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بکات، بۆیە دەتوانین وەك بەرهەمێکی ئەدەبی نوسراو بۆ منداڵ بەمەبەستی فێرکردنناوی ببەیت. (نەك بۆ زاناو ئەدیبەکان)(٥٩).شێخ مارف بەم جۆرە دەست بە ئەحمەدی دەکات

ڕاس : سەرە عین: چاوە

بدن : قلب اسم: ناوە

انف: لوتە حاجت: برۆ

فخذ: ڕانە ڕکب : ئەژنۆ(٦٠)

دوا بە دوای نوسینی ئەم فەرهەنگە کە بە سەرەتا دەستپێکردنیشیعری فێرکاری دادەنرێت،چەند شاعێرێکی تریش هەوڵیان داوە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئەدەبی کوردی زیاتر دەوڵەمەند بکەن لەوانە:عەقیدەی مەولەوی کە لەلایەن مەولەوی شاعیرەوە دانراوە، شیعرێکی درێژەو بە زمانێکی ساکار و ڕەوان بنچینەکانی ئاینی ئیسلام باس دەکات. مەولەوی لەم بەرهەمەیدا پێنج پرەنسیبی ئاین شی دەکاتەتە (ئیمان، باوەڕ بەفریشتەکان و قورئان، پێغەمبەرەکان، ڕۆژی قیامەت، شایەتمان) بە زمانێکی ساکار و ڕەوان ئەو پڕەنسیپانە بۆ منداڵان وەك:

ئیمان باوەڕ با لێت نە شێوێ

بە شەش چت ئەوێ ئیمانت بیێ

ئەوەڵ بزانە خودا بە حەقە

بە مەودا بە شوێن فردێ(٦١)

هەروەها هەردوو شاعیری گەورە کورد(بێکەس و زێوەر)یش لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەستێکی باڵایان هەبوو، بێکەس بە مەبەستی فێرکردنی ژمارە بە منداڵانی پۆلی یەکەم، بەهۆی شارەزاییەوە لەبواری منداڵ و بوونی ئەزمونێکی درێژ خایەن، وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو ئەم کارەیئەنجام داوە، وەك خۆی دەڵێت:

یەك و دوو چەند ئاسانە

ڕۆڵە گوێ بگرە و بیزانە

سێ و چوار خۆش و سوکە

کوڕی زیرەك ئێسك سووکە(٦٢)

---

[٥٨]- عەلی فەتاح دزەیی،نەوبەهاری خانی،ئەحمەدی شێخ فارقی نۆدێی، مطبعة الثقافة و الشباب، اربیل. ١٩٨٥، لا ٥

[٥٩]- عبدالستار طاهر شریف، پەروەردە و منداڵ ، ١٩٨٠ ، لا ١٠

[٦٠]- علی فتاح دزەیی، نەو بەهاری خانی و احمدی شێخ مارقی نۆدێی ، لا ٥٠

[٦١]- ناهیدە احمد ، سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان کورد ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، لا ٦٥



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

قانیعی شاعیریش هەر وەکو شاعیرانی پێش خۆی چەند پارچە شیعرێکی فێرکاری هەیە و لایەنێکی گرینگ لەو شیعرە فێرکاریانەی (قانع) کە بۆ بابەتی فێرکردن وتوویەتی بە مەبەستی هاندانی خەڵك بۆ فێربوونی خوێندن و خوێندەواری(٦٣). ئەو سروودەشی کەبەناوی (قوتابی زیرەکە)ە بۆ قوتابیانی پۆلی سێ و چواری وتووەکە لەبەری بکەن. دەڵێ:

من منداڵێکی بچوکی کوردم ماموٚستایەکم وانەی فێر کردم

هەموو بەیانی کە لە خەو هەستم پاك ئەشۆم چاوڕوومەت و دەستم(٦٤)

لە هەموو سەرچاوەکاندا ئاماژە بەوەکراوە کە مەبەستیسەرەکی ئەم جۆرە شیعرە بریتیە لە (فێرکردن)، بۆ نموونە د. فازڵ مەجید لە کتێبی (شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا) دەڵێت: هەر لە کۆنەوە شاعیرانی کورد بیریان لە وە کردۆتەوە کە لە ڕێگای شیعرەوەهەندێ زانیاری فێری منداڵانی کورد بکەن، لە لەگەڵ ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنیاندا بە مەبەستی فێرکردن و شارەزابوون و پەروەردەیان و چاوکردنەوەیان لەبەر ئەوەی شیعر بەهۆی بوونی کێش و سەرواوەبەئاسانی لەبەردەکرێت و سودی لێدەبینرێت(٦٥). حەمە کەریم هەورامی لە کتێبەکەبدا وتوویەتی: مەبەست لەو جۆرە هۆنراوەیە ئاوەدان کردنەوەی هەست و سۆز و دڵ و دەروون نییە کە مەبەستی سەرەکی شیعرە بەڵکو ئەوهۆنراوەیەوەك ئامێرێك بەکار هاتووە بۆ زانینی ئەو شتەی کە باسی دەکات، حەق وایە پێی بوترێت هۆنراوەی فێرکردن(٦٦).

هەروەها د.دڵشاد عەلی لە کتێبەکەیدا مەبەستی شیعری فێرکردن دەخاتەڕوو دەڵێت: ئەگەر هەندێك جاریش وەسف و بابەتی چیرۆکی و شێوازی خودی تیا دەردەکەوێت لە شیعری فێرکردندا ئەوا ئەمانە بە شێوەیەکی لاوەکی لە پاڵ مەبەستەبنەڕتیەکەدا دێن و بۆ ئەوەیە کە لەوشکی و گرانی پەند و ئامۆژگاریەکان کەمبکەنەوە(٦٧) . واتە مەبەستی سەرەکی شیعری فێرکردن تەنها فێرکرنە، بەڵام ڕەنگە لە پاڵ ئەمەشدا هەندێ بابەتی لاوەکی دەربکەوێت تیایدا ئەمەش بۆ ئەوەی کە وشك و قورس نەبێت بتوانێ واتای تەواو بەدەستەوە بدات، بۆیە ئەتوانین بڵێین شیعری فێرکردن خۆی مەبەست و مەبەستە گشتیەکەیشی فێرکردنە.

لەڕووی تایبەتمەندی هونەریەوە کەرەستەی شیعری فێرکردن (زانست ، ڕەوشت ، هونەر ، ڕاستی و چاکە و جوانیە دەبێت زمانەکە ساف و ڕەوان بێت و لە ئاستی هزر و تێگەیشتنی وەرگردا بێت ، شێوازەکەی ڕوون و

---

[٦٢] - محمد مەلا کەریم، دیوانی بێکەس، چاپخانەی الادیب، بغداد، ١٩٨٠ ، لا ١٥٩

[٦٣] - د.تاهیر محمد عەلی، قانیع ژیان و بەرهەمی، سلێمانی ،٢٠٠١ز

[٦٤] - مصطفی حەمە بۆر ، قانیع بەرهەمی بلاونەکراوەی ، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ١٩٨٦ ، ٥ ، لا ٣٧

[٦٥] - د.فازل مەجید محمود ، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ،لا ٩٢

[٦٦] - حەمە کەریم هەورامی ، ئەدەبی منداڵانی کورد ، بەرگی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، لا ١٥٨

[٦٧] - د.دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، لا ٢١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاشکراو دوورلە ڕەوان بێژی ودەستەواژە تەمومژاویەکان بێت ، وشەکان سادە بن ڕامانیان ئاسان بن)(٦٨) . واتە لە ڕێگەی شیعری فێرکردنەوە ڕاستیەکان و چاکە و جوانیەکان بڵاو دەکرێتەوە و دوور لە ڕەوانبێژی و وشەی ئاڵۆز ئەم شیعرە دەنوسرێت.

زێوەر بەرهەمی زۆرە لەمانە کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ کراون

١) ژیانی پێغەمبەران

٢) دەستە گوڵی لاوان

٣) چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت

٤) داستانی " سوزناك كربلا" شیعرە بە فارسی لە چاپ دراوە

٥) چیرۆکی حکوومەتێکی خەیاڵ و بەشێك لە کتێبی "من عمان الي العمادية" کە ئەویان وەرگێڕانە و لە ساڵی ١٩٩٩ لە دەزگای خاك و بنکەی ئەدەبیی گەلاوێژ دوو جار چاپ کراوە.

٦) سۆزی نیشتیمان ، بەشێکی کەمی دیوانی شیعری ساڵی ١٩٥٧ چاپ کراوە.

فەرهەنگی زێوەر ، دەست نووسەو ئامادەیە بۆ چاپ ، بریتیە لە ٢٣ هەزار وشەی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زبانی کوردی و من خستومەتە سەر شێوەی ئیملای تازە .

کارو بەرهەمەکانی زێوەر:

وەرگێڕانی کتێبی " الزنبقة البيضاء " کە هی نووسەرێکی ڕووسی بوو بە ناوی (گریگۆری بتروف) بە داخەوە کەوتە لای ئامینە خانی خوشکم و نە گەرایەوە دیارە فەوتاوە.

دیوانی زێوەر ، ئەمی ئێستە لە بەر دەستایە ئومێدەوارم کەموکوری نەبی .

ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بڵێین مامۆستا محمد فازل مستەفا ، نامەی ماجێستەری لە سەر (زێوەر و ژیان و بەرهەمەکانی) لە زانکۆی سەلاحەدین بە سەرکەوتویی وەرگرتووە . پیرۆزبایی لێ دەکەین.

زێوەر لە ژیانی خێزانی دا دوو ژنی هێناوە ، یەکەمیان کچی خاڵی بووە ، ناوی ڕەعنا خانی کچی حاجی حەسەنی سەلیم ئاغای جوامێر ئاغای پشدەری بووە کە ئەکاتە دایکی فایەق (بەختیار) و دوو کچی (زوهرة و حلاو) ی لێ بووە و ژنی دووهەمی (شەمسە) کچی حەمە سوری مەلا قادر بووە کە ئەویش بە خزمایەتی لە دایکی شەمسەخانەوە دەگاتەوە بە زێوەر و لەمیش سێ کچ (جەمیلە و ئامینە و شایستە) و دوو کور (محمود و حەسەن) ی بووە ، زێوەر لە گوزەراندا زۆر ئامادە نەبوو ، مانگانەیەکی کەمی تەقاوتی هەبو کە لەم دوایەدا بەوە ڕای دەبوارد . هەر چەندە خێزانێکی زۆری هەبوو نەفسێکی زۆر بەرزی شاهانەی بووە ، دەروێش مەشرەب و ڕەوەند و خواپەرەست و دیانەت ڕاگیر بوو . لە حواردنەوە بە دوور بوو حەزی بە جگەرە کردووە ، لەم دەوری دوایەدا تا بە نەخۆشی نەگلا بوو زیاتر وەختی لە گەڵ ئەدیب و

[68]- أحمد قەرەنی: شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر ، لا ٣٢



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شاعیرە کاندا به باسی لێکۆڵینەوەی (شیعر و ئەدەب) ڕادەبوارد به تایبەت له گەڵ مامۆستا " مەلا سەعید ئەفەندی کابان" دا کە بە ڕاستی وەك دوو برا و دوو ئازیز و خۆشەویست هەر شەو لە یەك دا نەبڕاون و مزگەوتی عیرفان (بن تەبەق) یان کردبووە جێی نزرگە جیا جیاو دانیشتن لە گەڵ ئەمیشا مامۆستا مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسوڵیش هەر دەم لە گەڵیان بوو ، زۆر حەزی بە دامەو شەترەنج و سەیران و دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان بووە .

ماموستا بەهجەت سەعید کابان دەگێڕێتەوە:

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧ لە خولێکی تایبەتدا کە بۆقوتلبیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان کرابووە وە چەند مامۆستایەك وانەیان تیا دەوتەوە یەکێك لە وانە خوالێخۆشبوو مامۆستا فایەق بێکەس بوو ، ڕۆژێکیان لێم پرسی ماموستا جوانترین و بە هێزترین شیعر بە لای بەرێزتانەوە چییە؟؟ فەرموو ئەم هۆنرایەوەی مامۆستا زێوەر کە دەڵێت:

گەرچی ئەرزی هێند بلندی وەختە لای من بچێتە عەرش
واسیتەی سەربەرزی بۆ ئیجرای ئاینی منە

ئەمە بەشێکە لە هەڵبەستی سروودی (ئەی وەتەن چەن خۆشەویستی) عەلی باپیر ئاغای شاعیر

بێجگە لەوە لە کتێبی " گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم " دا بەشێکی تایبەتی بۆ زێوەر داناوە لێرەشدا بەم چوارینەیە زێوەر هەڵدەسەنگێنی :

شیکاری هۆنراوەو سرودی زێوەری شاعیر:

بۆ قوتابیان
ئەی گوڵی گوڵزاری دین ، ئەی نەوجەوانانی وەتەن !
ئەی لەمەعنادا بەقیمەت یەك بەیەك دووڕی عەدەن
ئەی نەوەی بازو شەهین بۆتۆ جەلادەت فیگرییە
سەیری ئەگرافت بکە یەك بارە راوی تۆ ئەکەن.
دەرسی سەتحی قەت مەخوێنن هۆش و فیکریکتان ببێ
دەرسی((تاریخ))تان کە خوێند ((جوغرافیا)) دیقەت بکەن(٦٩)

ئەم هۆنراوەیە لەبەر هەمە ناوازەکەی زێوەردا کە سۆزی نیشتمانە لە لاپەڕە ١٣ چاپ کراوە ...ساڵی ١٩٢٥ نوسراوە ، هەروەها لە ڕۆژنامەی ژین دا لە ژ ١٠٤٨ لە ساڵی ١٩٥١ بڵاو بۆتەوە . زێوەر خوێندنەوەی بۆ مێژووی زانست و مەعریفە کردووە پەیامەکەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی یە دەیەوێت دەوروبەرو جیهان نیشمان دەدات کە هۆی خستنی دەوڵەتەکان نەزانینە بۆیە دەچێتە خانەی فێرکاریەوە .

[٦٩]- دیوانی زیوەر ،ل٢١٨.

<u>بۆ منالأنی قوتابخانه</u>

من منداڵی بچوکم، مەکتەبە رۆح و سەرم

بەسەعی و خۆشی خۆشی دەرسم ئەکەمە بەرم

سەعی گەر ماندووم ئەکا شادم دەرسم رەوانە

منداڵێ کەتەمەڵ بێ خوێری ناو کۆلأنانە

دنیا چاووی رۆشن بوو بە سایەی عیلم و فەن بوو

ئەی رەفیقانی مەکتەب رۆژی عیلم و عیرفانە. (٧٠)

ئەم هۆنراوەیە فێرکاری و ئامۆژگاری تێکەڵ بووە ..... هەمان جار لە بەرهەمی سۆزی نیشتماندا بلأوکراوەتەوە لا ٨٦ لەسەردەمی هەشتاکانیش دا لە گۆڤاری کاروانی ژ ٦١ لە ساڵی ١٩٨٧ لا ٨ بلأوکراوەتەوە . بۆ تەمەنی مندالی ٦ - ٩ ساڵان دەبێت هەرچەندە ووشەکان بەزمانی عەرەبی وەك نمەکە بەلأم بۆ سەردەمی خۆی و لە لایەن زانایەکی ئاینی وەك زێوەر دەرەوە لە ئەدەبی منداڵان جۆرێکە لە ڕابەرایەتی .

قسەی قوتابیەك

ئێمە منالێن: وەتە ن مالّمـانـە

مامۆستا باوك ، مەکتەب دایکمانە

قووتابی هەموو وەك برامـانـە

کوردی خۆشەویست نوری چاومانە

ئەبێ تێ کۆشین ئەمڕۆ مەردانە

چونکو وەتەنمان چاوی لێمانە(٧١)

لەسـەدا سـەد ئـەم هۆنراوەیـە سـرووده لـە هـەمان بەرهـەمی سـۆزی نیشـتمان لـە لاپـەڕە (٩٥) بلأوکراوەتەوە .... بەلأم ساڵی ١٩٢٥ ئەم شیعرە وەك ڕۆژ پرژدارە بۆ پـەروەردەی منـدالأنی کورد زمانی زێـوەر زۆر پاکژە لـە سـروودانە، ووشـەی بیـانی تیـا دەگمەنـە ، بـۆ تەمـەنی ٩ - ١٠ سـاڵان دەگونجێت .

بۆ کچان

کرمەك و گوارە و لاگیرە و قاپ و قورئانم

دەرسی دینییە و ئەخلاقە لەگەڵ ئیمانم

عەصمەت و عیفەت و نامووس و حەیا زینەتمە

[٧٠] - دیوانی زیوەر ،ل٢٢١.

[٧١] - دیوانی زیوەر ،ل٢٢٥.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەدەب تەربییە یە لازمەی ئیمانم
قیمەت و قەدری کچان شەرم و حەیا و ئەدەبە
ڕێی ئەدەب عیلمە منیش شەفتەی عیرفانم
صەنعەتی ئیشی دەس و مەعریفەتێکم کە نەبێ
تیغ بێ جەوهەر و نەقش ڕەفە و هەیوانم
خدمەتی دایکم و باوکم وەکو نوێژ فەرزە لەلام
خاکی سەر ڕێگەکەیان سورمەیە بۆ چاوانم(٧٢)

ئەرکی ئاینی شیعر خاوەن ڕەگێکی قووڵ و پتەوە زێوەر وەك ئەرکی پیشەی جۆرێك لە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی ئیسلامی دەوروبەر لە ڕێگا کاریگەری زمانی حوجرە و مزگەوت لەسەر ئەوەیە گشتیی یەکەو ئەدەبی منداڵان، لە ڕووی یەکی تریشەوە کاریگەری فەرموودەکانی پێغەمبەر بوونی ( محمد ) صل الله و علە وسلم بۆ بەرجەستە کردنی پێوەری ئاینی ئاکاریەکان لە شێوەی کوردی ئەو قۆناغەدا .

<u>دایك</u>

کێیە ناساغ بم بکا شین و گرین ؟
وەختی ساغیم بێتە خۆشی و پێکەنین
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
کێیە ڕەحمی هەر لەسەر من بێ تەواو
هەور خەریکی خزمەتی من بێ بەچاو
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
وەختێ پیرییت دایە ئەی ئارامی گیان
کێیە قەدرو حورمەتت بگرێ بەگیان
دایەلێی خۆم خودا یار بێ و مەعین

قوتابی صەنعەتکار

کە ڕۆژ بێتەوە من صەنعەتکارم
صاحێبی ژشەندو تەشووی مشارم
کەشەوم لێهات ئەمن قوتابیم
قەڵام وکاغەز کتێبە یارم(٧٣)

پیشەو جۆرەکانی لای شاعیری منداڵان دەگمەنە بەڵام زێوەر پیشە جوان پیشانداوە.

---

[٧٢] - دیوانی زیوەر ،ل٢٤٠.

[٧٣] - دیوانی زیوەر ،ل٢٣٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەعات

سەعاتەکەی من جوان و بەکارە
ڕۆینی وەقتات ئەکا ژمارە
کەدەورەی شەو ڕۆژی تەواو بوو
دووبارە سازی ئەکەم زوو بەزوو
پاش و پێش ناکا بەیەك دەقیقە
زۆرم خۆش ئەویٚ وەکو رەفیقە
هەرکارم بیٚ بەوی ڕێك ئەکەم
بەتەرتیبێکی زۆر باش و مەحکەم
هەرکەس بەتەرتیب رێك نەکا کاری
رێك و پێك نابیٚ هەموو کرداری(٧٤)

بواری پیشە و پیشەسازی لە بیری زێوەردا وەك شیعری منداڵان هێمای سەرنجە ، وردەکاریە لە بەکار هێنانی ئالەتی سەعات لەو سەردەمەدا کە چۆن ژیانی ڕۆژانە و ئاباغ لە ژیانی ڕۆژانە نزیك دەخاتە نمایشە بۆ منداڵانی کورد کە پارێزگاری شتومەکە تایبەتییەکان بکات .

تۆپی پیٚ

ئەی تۆپەکە فووت بۆڵەکە من دێم لەدەستم رامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی وەك کوولەکەی رۆحی منی
وەختیٚ کە چوویتە ئاسمان بانگ کە لەگەل من یەك زبان
خۆش بیٚ وەتەن خۆش بیٚ وەتەن بەرز بیٚ وەتەن بەعیلم و فەن(٧٥)

★★★★

قوتابیەك نەصیحەتی ڕەفیقەکانی دەکات

لاوانی وە طە ن غیرەت بکەن
دەی لە خەو هەڵسن بەسەر چوو شەو
نە ما زەمانی جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرصەتە ڕۆژی همەتە
بە عیلم و صەنعەت بەرز ئەبیٚ میللەت
عالەم هەمیشە خەریکی ئیشە
ئیشی بەمەردی بە دەست و بردی

[٧٤] - دیوانی زیوەر ،ل٢٣٥.
[٧٥] - دیوانی زیوەر ،ل٢٣٦.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لا ٢٣٣ یەکە دڵ و دەم بن تا ڕۆژی مردن(٧٦)

خوێنەر وا هەست دەکات ئەم هۆنراوەیە هەڵکشاوی دوای (( ئەی کوردینە )) لە دایك بوو بێت هەرچەندە زمان عەرەبیەکە یتادا زاڵە بەڵام پەیامە سروود بۆ یەك گرتنی کورد و خۆشەویستی و تەبا ییە زێوەر دەیەوێت لە نیچو منداڵی کوردەوە ڕیزەکانە خێزان و نەتەوە یەك خات .

قسەی قوتابییەك

ئێمە منداڵین : وەتەن ماڵمانە

مامۆستا باوك ، مەکتەب دایکمانە

قوتابی هەموو وەك برامانە

کوردی خۆشەویست نووری چاومانە

ئەبێ تێ کۆشین ئەمڕۆ مەردانە

چونکو وەتەنمان چاوی لێمانە (٧٧)

ئەم شێوەی قسەی قوتابیەك لە ڕووی دەرونزانی ئەدەبە وە بۆ سەردەمی دانانی ڕێچکە شکێنی بووە ، خۆ زێوەر هیچ زانیاریەکی دەربارەی زانستی دەروون پێ نەبووە بەڵام ئەم سروودە دەرونزانی کۆمەڵایەتی شێوەو فێرکاریە و ئەرکی پێکەوە بەستنی خێزان و کۆمەڵی کوردەواری گرتۆتە ئەستۆ .

خاکی عێراقم

خاکی عێراقم سەربەسەر پڕ مەعدەن و دوڕو گەوهەر

جێی علیم وجێی فەزل و هونەر باخاتی پڕ و میوە و سەمەر(٧٨)

ئەم سرودە لە لاپەڕە ١٤ دەستنووسی شاعیر وەرگیراوە...... لە بەرهەمی سۆزی نیشتما نیشدا لە لاپەڕە ٩٨ - ٩٩ بڵاوکراوەتەوە ...... زێوەر پەیامی ئەم سرووده بە هێدی منداڵانی کورد ساڵانی ١٩٢٥ دەهەژێنێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەشت ساڵە بەسەردا چووە لە سۆڤیەت (

[٧٦] - دیوانی زیوەر ،ل٢٣٣.

[٧٧] - دیوانی زیوەر ،ل٢٢٥.

[٧٨] - دیوانی زیوەر ،ل٢٢٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕوسیا ) توێژەردا دەبینێ ئەم زانا ئاینییە ویستوییەتی ..... جوغرافیای عیراق کوورد و ئیسلام بەیەك بناسێنێ دەیەوێ بڵێت کوردی موسڵمانە ناتوانێ لە برای عەرەبی موسڵمانی ئەو سەردەمە جیا بێتەوە بە مەرجێك هەمووکانزاکان هەر یەکەو لە ناوچەی خۆی خۆماڵی بەکار بهێنی ! سەیرە لە ١٩٢٥ دا ئەم پەیامە زۆر مرۆڤایەتییە کە ئێستا ٢٠١٧ پەیامی هیومەنیتی لە ئەدەبی جیهانی بانگەوازی بۆ دەکرێت با بزانین ئەدەبی منداڵان کورد چەند پێش مێژووی خۆی کەوتووە (٧٩).

ڕای نووسەران و شاعیران لەسەر توانای تەکنیکی زێوەر :

زێوەر لە کوردیا زۆر تەبعی تەڕ و ڕەوانە

بێخود لە فارسیدا هۆشیار و نوکتەزانە

نوری موقەللیدە بێ ڕاوکە شیعری نایە

شوکری بە ڕاستی ئەیلێم ئوستادی شاعیرانە

- عەلی باپیر ئاغا گێڕابوویەوە کە کاتی خۆی ئەم شیعرەی وتووە . حەمدی زانیویەتی شەش مانگ قسەی لە گەڵ نەکردووە.
- عەلا ئەدین سەجادی لە بەرگی یەکەمی چاپی یەکەمی مێژوی ئەدەبی کوردیدا بەشێکی تایبەتی بۆ زێوەر تەرخان کردووە.
- ڕەفیق حیلمی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەمدا بە شانازییەوە باس لە زێوەر دەکات .
- بەڕێز سدیق بۆرەکی لە کتێبە بە نرخەکەیدا کە باس لە ئەدەب و مێژووی ئەدەب دەکا بەشێکی زۆری بۆ زێوەر تەرخان کردووە لەمان زۆر و زۆر باسکراون لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ئێستگەو کەناڵەکانی تەلەڤزیونەوە ، ئەمە کارێکی وایکردووە کەسانێك شانازی بە (زێوەر) ەوە بکەن و بیکەن بە نازناوی خۆیانو دەست لە ناوی باوك هەڵبگرن و بیسڕنەوە.

لەم ئاخرەشدا و لە پیری و لاوازی لە گەڵ نەخووشیدا بوون بە دەستە برا تا لە ڕۆژی ١٠\١١\١٩٤٨ هەر لە شاری سلێمان و لە گەڕەکی (شێخان) ، کانی ئاسکان ، شەقامی کاك ئەحمەدی شێخ ئێسە ، تەنیشت مزگەوتی (بن تەبەق) لە تەمەنی ٧٣ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و گیانی پاکی بەرەو ئاسمانی بە ڕین ڕێی گرتە بەر و تەرمەکەشی بەرەو گردی گوڵان (جۆگە) بە ڕێ کەوت ، وەك دێتە بیرم و بیسمان ، لە کاتی هەڵگرتنی تەرمەکەی ، مقۆ مقۆ و مشتومڕ پەیدا بوو لە نێوان لایەنەکاندا هەر کەسە خۆی بە خاوەنی دەزانێت ، بەڵام لە پاشان کێشەکە چارەکرا و بە شێوەیەکی ڕەسمی و نیزامی بەرەو گۆڕستان بە ڕێ کرا و خەڵکێکی زۆر لە گەڵ تەرمەکەدا بوون و قوتابیان بە ڕێز و بە سروودی تایبەتی ماتەمینەوە ئەم چەند دێڕانەیان دەوتەوە کە هەڵبەستی مامۆستا ا، ب هەوری بوو.

کۆستی سەختی جەرگ بڕا

بەرگی ماتەم بۆ گشت بڕا

[79]- دیوانی زیوەر ،ل٢٢٧.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەمڕۆ فەرزە چونکە زێوەر
لە باخی ژین وا چووە دەر
ئەو (زێوەر) ەی گشت ژیانی
کاتی پیری و گەنجی و جوانی
سەرفی ڕێگای مەعاریف کرد
نامرێ کەسێ بە ڕووی سوور مرد(٨٠)

ئەم چەند دێڕەم لە کاك کەمال قادر شارباژێریەوە دەست کەوت کە خۆی یەکێك بووە لەو قوتابیانەی بە ڕێز ئەم سرووودەیان خوێندووەتەوە بە ئاوازێکی تایبەتی کە گەیشتنە سەر قەبران و ئینجا مامۆستا عبدلەجید حەسەن ، مودیری مەعاریفی ئەوسا بە عەرەبی وتارێکی جوان پێشکەش دەکات و زێوەر بە باشی دەنرخێنێت وەك مامۆستا بەهجەت سەعسد کابان بۆمان دەگێڕێتەوە: ((لە کاتی بە خاك سپاردنی خوالێخۆشبوو مامۆستا (زێوەر) دا لە گردی جۆگە خوالێخۆش بوو (پیرەمێرد) لە سەر گۆڕەکەی وەستاو وتی : زێوەر بە بیرتە لە گەڵ مەلا سەعید ئەفەندی کاباندا ، لە کاتێکدا دەرستان بە قوتابیەکان دەوت تەیارەکانی ئینگلیز بۆردوومانی سلێمانیان دەکرد؟))

بەم جۆرە پەردە بە سەر تەمەنی شاعیرێکی پڕ ئەزموونی پەروەردەیی و کوردایەتیدا دا درایەوە وەك خۆی لە پێشەکی دەستە گوڵی لاوان و چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچیدا هەندێ شت دەڵێت نمونەی خۆ بەخت کردن بوون وەك خاوەنی قەڵەم و هەڵوێست .

زێوەر ئەدەبی بە قەڵەم نووسیوە بە کردەوەش سەلماندوویەتی بەرهەمەکانی و نووسینەکانی بەڵگەی هەموو بۆچونێکن، نازانم چۆن لە چاکە و پیاوەتی و هەوڵ و کۆششی بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول دەرچم کە زۆر زۆر بە پەرۆشی زۆر کاتم لێ گرت و وەڕەسم کرد و وڕەس نەبوو هەر بەردەوام بوو بۆ بە دینانەوەی ئەم دیوانە ، بە داخەوە نازانم باسە بە نرخ و سودەکەی دیراسەتێك بوو بۆ ئەو چینە تازەیە کۆی کەو توو ڕۆشنای نەدی کە هەر من دەزانم چە شەو نخونی و هەڵی تیا داوە، زۆر سوپاسی دەکەم و زۆر قەرزاریم ، هەر وەها برا بەڕێز و گەورەو و خۆشەویستم کاکە محەمەدی مەلا کەریم کە هەر حوا بۆ خۆی دەزانێت چە هەوڵێك و پەرۆشییەکی نیشان داوە بەرامبەر بە لە چاپ دانی ئەم دیوانە ، خوا ئێوەش ڕووسوور و سەربەرز بکات بۆ ئەم کارەتان ، چونکە لە زۆر دەرگامان داو بە داخەوە لێمان نەکراییەوە وەیان بە ڕوومانا داخراییەوە، نازانین زێوەر شایانی ئەمە بوو؟

ئەنجامی شیکاریمان بۆنموونە شیعرەکانی زێوەر کە پەروەدەیی و فێرکارین، چەند خاڵێکی گرنگ حاڵی دەبین لەم شیکارییە کە زێوەر توانای پێنوسەکەی فەرهەنگی ڕۆشنبیری منداڵی بەرەوئاسۆی فراوانی مەعریفی دەبات و لاساییکردنەوەیەکی لەمێژوو جوگرافیای کوردستان وەك ئاراستەیەك بۆتە یەکخستنەوەی بیری

٨٠- دیوانی ع.ع.شەونم، ل٣٨.

کوردایەتی خۆشەویستی خاکی کوردستان زانست و پیشە لە منداڵانەوە بۆ خێزان و لەخێزانەوە بۆنەتەوە بۆ یەم ئەبێت شانازیی بە پێنووسەکەی زێوەرەوە بکەین.

## ئەنجام

لەبواری شیعری پەروەردەیی و فێرکاریدا، شاعیرانی کورد لەبواری ئەدەبی منالاَندا، ئامانجی باشیان بەدەستهێناوە،بەتایەبتی هۆنیارە کۆنەکان، زانا ئایینەکان ، وێنەی زێوەری شاعیر، نمونەی بەرزی ئەو شاعیرانەن ، بۆ توێژەر پێی وایە دەبێت چەندین توێژینەوەیە لەسەر پێنوسی زانایەکی ئاینیی وەك زێوەر بکرێت ، تەنانەت وەك ئەدەبی منالاَنی بەراووردیش ، چونکە ئەدەبی منالاَنی کورد، وەك بابەتی فێرکاری و سروود تائێستا بەووردی کاری زانستی لەسەر نەکراوە ،جگەلە چەند نامەیەکی ئەکادیمی کەلەسەر ئاستی تەوەر ئەو بابەتەی تیادەبینرێت، چونکە خۆی خودی ئەدەبی منالاَن ، لەم پێگانەدا خۆی دەبینێتەوە :

١) دەتوانین بلێین گێرانەوە بڕ بڕەی پشتی ئەدەبی منالاَنە، وەك قۆناغی پێش نووسین لەلای لایەو حیکایەتی داپیرەکان ولەشەولەبانەوە تا گورگ وبەرخ.

٢) وەرگرتن لەئەدەبی بێگانە بەتایبەتی ئەدەبی عەرەبی چونکە ئێمە لە وولاَتێکدا دەژین لەرووی مێژوو وئاینەوە ئەوان نەتەوەی یەکەمن و ئێمە دووهەم.ئەوان ئازادبوون وقەلەکانیان بەسەربەستی کاریان کردووە، ئێمەش بەترس و لەرزەوە نووسەری داهێنەری ئەدەبی منالاَمان هەبووە بەترسو لەرزەوە.

٣) کاریگەری ئایینی ئیسلامی پیرۆز لە رووی نمایشی رەوشتی کەبەشێکە لە ئەدەبی فێرکاری واتە شیعر فێرکاری منالاَن هەرلە حوجرەی مزگەوتەوە تا رەوشتی خێزانی و لەگەڵ فەرمودەکانی پێغەمبەردا لەکەسایەتی کورددا وەك تیشکی خۆ دیارن.

٤) رووی داهێنان ، لاساییکردنەوە، لەبواری ئەدەبی منالاَندا لەلایەن ئەوانەی شارەزاییان ، زیاتر لە زمانێك هەبووە، وەك عەرەبی وفارسی و تورکی، جۆرێك لەپێشکەوتنی خستوەتە رەوتی هەردوو ئەدەبەکەمانەوە، بەتایبەت زێوەری و بێکەس ...ئەمانە دووان لەو لوتکانە.

٥) رۆڵی دەروونناسی ئەدەبی ، قۆناغەکانی گەشەی منداڵ، دەبێت زۆربەگرنگ تەماشا بکرێت، لەنووسینەوەی ئەدەبی منداڵاندا تایبەت شیعری فێرکاری و پەروەردەیی .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان:

أ)سەرچاوە کوردییەکان:

١) ئەبوبکر هەوری، شیعری کۆن و نوێ، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی،١٩٧٣.
٢) ئەحمد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردی دا،
٣) ئەحمد مام عوسمان، شیعری فێرکاری لەئەدەبی کوردی دا، زانکۆی سەلاح الدین ، ٢٠٠٢ .،
٤) د.ئەنور قادر محمد، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی ، مەڵبەندی کۆردۆلۆژی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٥) د.تاهیر محمد علی، قانع ژیان و بەرهەمی،سلێمانی، ٢٠٠١.
٦) حەمەکریم هەورامی،ئەدەبی منالآنی کورد، ب١، هەولێر،٢٠٠٥.
٧) د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٨٩.
٨) د.شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب،چاپخانە فێرکردنی باڵا، هەولێر،١٩٨٩.
٩) د.عبدالستار تاهیرشریف، پەروردەی منالٚ، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٥.
١٠) د.فازیل مەجید مەحمود، شیعری منالآن لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٤.
١١) د.کامیل حسن بصیر، وێژەی کوردو رەخنەسازی، چاپخانەی الحاجف،بەغدا، ١٩٨٥.
١٢) ناهیدە احمد ، سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منالآنی کورد، هەولێر ، ٢٠٠٥.
١٣) مصطفی حەمە بۆر ، قانیع بەرهەمی بلآونەکراوەی ، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ١٩٨٦

ب) دیوانە کوردییەکان:

١) دیوانی زێوەر ، مەحمود زێوە، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی ئاراس، چ٢،هەولێر،٢٠٠٨.

ج) سەرچاوە عەرەبییەکان:

١) طه حسين، حديث الاربعاء ، مطابع دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٧٤.
٢) جلال الدين عبدالرحمن السيوطي، المدخل في علوم اللغة وأنواعها، دار الكتب العلمية،بيروت، ١٩٩٨.

ج)سەرچاوە فارسییەکان :

١) نصرالله امامی ،کشای مزروزی وشیر وزیندگی ، تهران،١٣٧٤ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## کورتەی توێژینەوەکە

دەست بردن بۆ ئەدەبی مناڵان وەك لەپێگەی ئەدەبەگشتییەکەیە هۆنراوەو چیرۆکە، کەمتر پەخشان رووناکی بینیوە لە ئەدەبی مناڵاندا، ئەو پێنووسانەی کەرەوتی شیعری منداڵانیان کردۆتەوپێشەو پێشەنگ بوون زانای داناو خاك ونەتەوەیان لا خۆشەویست بووە، مەلا عەبدوڵلا کوڕی مەحەمەد ئەفەندی کوڕی مەلا رەسوڵی پشدەرە، کە بە(زێوەر) بەناوبانگە، ئەم توێژینەوەیەمان ، هۆنراوەی وفێرکاری و سرودی لەخۆگرتووە، چونکە توێژینەوەی زانستی لەم رووەوە تێکەڵ و پێکەڵ کراوە، بۆیە خشتەی ئەم توێژینەوەیە ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت :

أ) شیعر و شعریەت .

ب) ئەدەبی مناڵان وەك مێژوو.

ج) نموونەی هۆنراوەوفێرکاری و پەروەردەیی مەلا عەبدوڵلای زێوەر کاری شیکاری بۆکراوە ، پشت بەستبووم بەونامە ئەکادیمیانەی کەلەسەر ئەدەبی مناڵان نوسراون، بێجگەلەنامەی ماستەرەی توێژەر کە شیعر منداڵانی گرتۆتە خۆ، لەساڵی (١٩٧٥-١٩٩٠) ئەنجامدراوە، بەئاوات ئەوەی توانیبێتم لەم توێژینەوەیەدا رووی گەشی قەڵەمە بڕشتەکەی مەلای زێوەرم نیشاندابێ، لە گەشەی شیعر فێرکاری و سرودی مناڵاندا.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)